www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:48 14-2-2007

## شانۆنامەی (دەرگا) : ترووسکەیەکی هونەری ... فەرەیدون قازی

(لە وولات و زەمەنێکی نادیار، پیاوێك دژی ئەو یاسایە دەوەستێت کە ئیجباری زیندوان دەکات کە لەگەڵ مردوواندا بە زیندوێتی بنێژرێن. ئەوە پەیمانی خۆشەویستی ئەو وولاتەیە و ناکرێت سەرپێچی تێدا بکرێت.

ئایا بە چ هێز و توانایەك دەتوانین دژی ئەو یاسایە بوەستین؟)

بەم چەند ووشەیە کۆمەڵەی هونەری ئارك لەسەر پۆستەری ئامادەکراو، شانۆنامەی (دەرگا) بە بینەری کورد دەناسێنن.

من پاش ئەوەی کە شانۆنامەکەم بینی حەزم کرد ئەو شتانەی کە لەبیرو مێشکمدا گەڵاڵە بوون و بۆ من خورپەیەکی رۆحی و داچڵکینێکی یادەوەری و ترووسکەیەکی هیوا پێدان بوون کە پانتایی خۆشەویسنی لەلام فراوانتر کرد، شانۆنامەکە و نمایشەکەی زیاتر رۆشنبکەمەوە. لەم نووسینەمدا ئەزموونی خۆم دەکەمە تەوەر کە لە دوو خاڵدا روونی دەکەمەوە کە رەنگە بۆ مێژووش هەر بەسوت بن:

1- من هەر لە سەردەمی قوتابخانەی ناوەندییەوە حەزم لە بواری شانۆ دەکرد و بەشدارییم لە چالاکییەکانی ئەم بوارەدا دەکردو باشترین ئەزموونیشم لەم رووەوە لە ساڵی 1974 دا بوو لە سانەوی ئەزمڕ لە سلێمانی کە مامۆستا غازی بامەرنی شانۆنامەی (فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ) ی پێشکەش کرد کە ئێمە کۆمەڵێك قوتابی بەشداریمان تێداکرد لەوانە هونەرمەند ئازاد جەلال، بەختیار شەوکەت، لەتیف عومەر، شەهید حەمەرەوف مستەفا و وابزانم شاعیر رەزا حەمەفەرەج چەند قوتابییەکی تر کە بەداخەوە ناوەکانم لە یادنەماون. ئەم شانۆنامەیە لە نووسینی نووسەری سوری (سعداللە ونوس) بوو بە ناونیشانی (فیلك یا سلگان) کە کاك سمکۆ ناکام وەریگێرابوو و سیناریۆی بۆ نووسیبوو، ئێمەش بە دەستوخەتی خۆمان هەر یەکە کۆپییەکمان لێ ئەنووسیەوە بۆ پرۆڤەکردن. ئەم شانۆنامەیە لەو هەلومەرجە سیاسیەی ئەو رۆژەدا رۆڵێکی گرنگی بینی و زۆر سەرکەوتووش بوو. ئەم شانۆنامەیە دوایی تیپی نواندنی سلێمانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوکیان تومارکرد.

2- ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە لێرە لە ئەڵمانیا لە بواری کولتوریدا چالاکم ولە چواچێوەی (رۆژانی کولتوری کوردی) کە ساڵانە کۆمیتەی کوردەکانی هانۆڤەر ئامادەی دەکات گەلێگ تیپی شانۆییمان بانگهێشت کردووە وبوارمان بۆ رەخساندوون. ئەوەی لێرەدا پێوەندی بەم باسەوە هەیە ئەوەیە کە لە 2004/3/28 دا توانییمان فیلمی کوردی هۆڵەندی (هەلەو هۆڵەند) پێشکەش بکەین کە دەرهێنەر ئەکرەم سڵێمان دەریهێناوە و کە رۆڵێکی دیاری هەبوو بۆ زیاتر ناساندنی هەردوو هونەرمەند شەماڵ عەبەرەش و شادان فوئاد کە ئەکتەری سەرەکین لەم فیلمە و لە (دەرگا) شدا بە رەوندی کوردی لە شاری هانۆڤەر.

شانۆنامەی (دەرگا) لە نووسینی (یوسف سائیغ) و وەرگێرانی (جەمال غەمبار) ە. نواندنی: شەماڵ عەبە رەش، شادان فوئاد، سیروان جەمال و سۆران ئیسماعیل. دەرهێنانی کامەران رەووفە.

ئەم شانۆنامەیە لە رۆژانی 2-2/3 لە بەرلین و 10-2007/2/11 لە هانۆڤەر نمایش کرا و لە مانگی ئازاریشدا لە سوید نمایش دەکرێت و پاشان دەبرێتەوە بۆ کوردستان. وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری ئەم کارەی کردووە.

ئێستا دێمە سەر بۆچوونەکانی خۆم و لەم روانگەیەشەوە شانۆنامەکە لە رووی تێکست و نمایش و دیکۆر و مۆسیقا و چەند لایەنێکی زیاتر ڕووندەکەمەوە بە هیوای ئەوەی کە بتوانم خوێنەر بخەمە فەزای ئەم شانۆنامەیە و پشتگیرییەکی سادەی منیش بێت لەم کارە هونەرییە.

وەرگێرانی دەقەکە کە هەرچەندە نەنووسراوە، بەڵام لەوە دەچێت لە عەرەبییەوە بێت زۆر سەرکەوتووانە ئەنجام دراوە. کاك جەمال غەمبار توانیویەتی بە زمانێکی پر و پاراو و خۆش بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:48 14-2-2007

گوێچکەی بینەر ئەم تێکستە تا رادەیەك قورسە وەربگێرێت، رەوانی زمانی وەگێرانەکەش لە سیناریو حیوارەکاندا رەنگ دەداتەوە و بە جۆرێك کە بینەر لە زمانەکە (تێکستەکە) وەرس و هەراسان نابێت و ئەمەش وای کردووە کە زمانەکە بتوانێت بەردەوام بینەرەکە لە فەزای شانۆنامە (تێکست) مکەدا بهێڵێتەوە ولێرەشدا حەزدەکەم ئەوە روونبکەمەوە کە لەبەر ئەوەی شەماڵ و شادان لە واقیعدا هاوسەری یەکترین، ئەمە وای کردووە کە لە رۆڵەکانیاندا وەکو ژن و پیاوی گۆرستانەکە لە کاتی حیوار و قسەکردنیاندا نەترسن و لەکاتی نزیك کەوتنەوە لە یەکتری و دانسکردنەکەدا زۆر ئاسایی و رەسەن (ئاوتێنتیش) دەورەکە دەبینن کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا رەوانی و تاموچێژێکی تایبەت بە بینەر دەبەخشێت، ئەم حاڵەتەم لە فیلمی (هەلەو هۆڵەند) هەستپێدەکرێت.

تێکستەکە لە سێکوچکەی ژیان _ خۆشەویستی _ مردن دەدوێت و لە باری فەلسەفییەوە ئەم سی دیاردەیە (هەرسێکیان بەیەکەوە= مرۆڤ) دەخاتە روو و زۆرانبازی مرۆڤیش کە هەرخۆی پاڵەوانی ئەم سی دیاردەیە دەردەخات. هەرچەندە تێکستەکە ناسنامەو رەنگێکی تایبەتی نییەو دەتوانین بڵێین کە تێکستێکی کۆسمۆپۆلیتە، بەڵام لە هەر "وولاتێکی دیاریکراو" و "زەمەنێکی دیار" دا ئەم تێکستە رەنگ وەردەگرێت و بەرگی کۆسمۆپۆلیتی دادەکەنێت، بۆیە هەست بە زمان و زەمانی تێکستەکە ناکرێت.

لە شوێنێکدا، هەر شوێنێك بێت دەسەڵات } لە شانۆنامەکەدا دادوەر (سۆران ئیسماعیل) + داواکاری گشتی (سیروان جەمال) { دەیەوێت پیاوێك = مرۆڤێك (شەماڵی عەبەرەش) بەزیندوویی بنێژن چونکە ئەم پیاوە ژنێك = مرۆپێکی خۆشویستوە کە مردووە، بەڵام پیاوەکە خۆشەویستی لە ژیان و بەردەوام بوونی ژیان = خۆشەویستیدا دەبینێت هەروەکو چۆن کاتی خۆی بەڵێنی بە خۆشەویستەکەی = ژنەکەی (کە ئێستا مردووە) دابوو. دەسەڵات نایەوێت ئەم پیاوە زیاتر بژی بۆ ئەوەی نەبێت بە نموونە چاولێکەری بۆ خەڵکی تر. دەسەڵات دەتوانێت بە ئاسانی کۆتایی بە ژیانی پیاوەکە = بەردەوامی خۆشەویستی بهێنێت، بەڵام دەیەوێت پیاوەکە خۆی خۆویستانە و لە بەرچاوی خەڵکی بڵێت من خۆم دەمەوێت زیندەبەچاڵبکرێم. کێشەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات و بە شێوەیەکی دراماتیکی سەرنج راکێش هەڵدەکشێت و لە نێوان رەفزی پیاوەکەو وویستی دەسەڵاتدا، داواکاریگشتی = شەرعیەتی دەسەڵات، پیاوەکە = (ژیان وخۆشەویستی) ناچاردەکات قایل بێت بە زیندەبەچاڵکردنی پاش ئەوەی داواکاری گشتی (وەعدی شەرەف) ی دەداتێ کە دوای دوو رۆژ (دەرگا) گۆرستانەکە بکاتەوە و لە گۆرەکە دەریبهێنێتەوە. تراژیدای کوشتنی (ژیان + خۆشەویستی) لە رێگەی زیندەبەچاڵکردنەوە لەلایەك، بەردەوامبوونی (دژە ژیان + خۆشەویستی) دەسەڵات لەلایەکی ترەوە.

لە جیهانی ژێرەوەدا، لە گۆرستانەکەدا و لەناو مردووەکاندا، پیاوەکە بە خۆی و مۆمێکی داگیرساوەوە (ژیان) دەکەوێتەوە زۆرانبازی دژی مردن و لێرەدا لەم جیهانە ساردو خامۆش تەنیاییەدا لەرێگەی مەنەلۆگی حیوارییەوە و بە هیوای کردنەوەی (دەرگا) کە خەریکە وردە وردە لەگەڵ کەشی گۆرستانەگەدا رادێت تا ئەو کاتەی لەپرێکدا ئافرەتێك لە دەرگای گۆرستانەکەوە فرێ دەدەنە خوارەوە، ئیتر کەشی گۆرستانەکە دەگۆرێ و دیالۆگ دەستپێدەکات و تەنیایی بەسەردەچێت و وردە وردە هەردوکیان لە یەکتری نزیك دەکەونەوە و چیرۆکی ژیانی یەکتری لە یەك دەپرسن. ژنەکە (شادان فوئاد) دەیەوێت بمرێت چونکە مێردەکەی مردووە، بەڵام پیاوەکە هیوا دەخاتە بەری بەڵێنی پێدەدات ئەگەر دەرگاکە کرایەوە لەگەڵ خۆی بیبات.

ژنەکە باسی خۆشەویستی = (ژیان) ی لا دەکات کە پیاوەکەش هەر لەو پێناوەدا بە زیندوویی خراوەتە گۆرەوە. پاش ئەوەی ئەم دوو تەنیایە (تاك) دەبن بە دوان و (یەکگرتنی:خۆشەویستی = ژیان)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێکەوەیان دەبەستێت بڕیاردەدەن (دەرگا) کە بکرێتەوە یان نەکرێتەوە چیتر ئەمان چاوەروان نەبن و دژ بە مردن (بریاری دادگە) بەردەوام بن لە ژیاندا.

شانۆنامەکە بە دانسێکی ناسکی ژن و پیاوەکە (ژیان + خۆشەویستی) کۆتایی دێت.

ئەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە هەر چواریان زۆر سەرکەوتووانە رۆڵەکانیان دەنوێنن و بە زمانێکی بێگرێ و رەوان حیوارەکانیان دەڵێن. شێوەی جوڵان و هاتوچۆیان لە سەر پانتایی شوینی نمایشەکە هاوسەنگەو چاوی بینەرەکان هەموو پانتاییەکە دەگرێتەوە.

ئەوەی شایانی گوتنە ئەوەیە کە ئەم شانۆ نامەیە لەسەر شانۆیەکی تەقلیدی و پەردەکردنەوە و داخستنی تیانەبوو، بەڵکو زیاتر رووناکی ئەم رۆڵەی دەبینی. رووناکی هەرچەندە سادە بوو بەڵام بەشێوەیەکی پێویست و چاك بەکاردەهێنرێت لە سەرانسەری شانۆنامەکەدا و هەندێ جاریش رۆڵی رەمزی پێدەدرێت چ لە رووی رەنگ یان شەوق و تینی رووناکییەکەوە.

شانۆکە پانتاییەك ئەرزی ئاسایی ناو هۆڵکەیە و بینەرانیش لە سەر کورسیەکانیان کە بە شێوەی قادرمە دانرابوون دەیانتوانی باش شانۆکە ببینن. هەرچەندە ئەم تەکنیکە لە شانۆ کۆنەکانی رۆمان و یۆناندا هەیە، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی مۆدێرن و سادەو گونجاو لایەنێکی تری سەرکەوتووی شانۆنامەکە بوو.

هەروەها ئەو دیکۆر و ئەکسسوارانەی ئەم شانۆنامەیە دیسانەوە سادەبوون بەڵام بە تەواوەتی مەبەستی بەکارهێنانەکانیان پێکابوو، چ هۆڵی دادگەکە و چ ناوەوەی باشتر ژێرەوەی گۆرستانەکە کە زۆربەی رووداوەکان و هەڵکشانە دراماتیکیەکان و لە دوایشدا بڕیاری ژن و پیاوەکەی تێدا روودەدەن. لە رێگەی چەند پەیکەرێکی ئێسکی و ئێسکوپرووسکی مردووەکان و دوو تابووت و چەند ووردە شتێکی ترەوە و بە بەکارهێنانی رووناکی، دەرهێنەر توانیبووی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە فەزای ژێرەوەی گۆرستان بخولقێنێ. ئەوەی لەم رووەوە سەرنجی منی راکێشا رنینی دیکۆر و ئەکسسوار بوو تا ئەو رادەیەی "جوانی و ناسکی"یەکی تایبەتی بە گۆرستانەکە دابوو و بەشێك لەو شتانەش بەکار ئەهاتن و دیکۆر و ئەکسسواری ووشك و مردوو نەبوون کە ئەمەش زیندوێتی دەدا بە حیوارە کان و سەرجەم رووداوەکانی شانۆنامەکە.

هەروەها بەکارهێنانی مۆسیقاش زۆر باش تەوزیفکرابوو بۆ رووداوەکان و سود لە مۆسیقای کلاسیك وسیفۆنیا جیهانییەکان بینرابوو و بینەر چێژی لێدەبینی و لەو بروایەدام کە زۆربەی بینەران بەتایبەتی لە دانسی کۆتایی شانۆنامەکەدا حەز لەوە دەکەن کە لەگەڵ ژن و پیاوەکەدا دانس بکەن یان زۆربەیان بە شێوەیەکی ڤیرتوئێلانە لە شوێنی خۆیانەوە دەبن بە بەشێك لەو سەماکردنە.

بۆمن ئەم شانۆنامەیە لەم شەوەزەنگی پاشاگەردانییەی هونەر و ئەدەب و کولتوورییەی نیوەی باشوری کوردستانی ئازاد کراودا، تروسکەیەکی هیوابەخش و دڵخۆشکەرە و خۆزگە چەندەها تروسکەی تری ئاوا دەرەخسان، تا دریان بەو شەوزەنگە ببردایەو خۆری هونەری رەسەن و جوان و هەڵوێستئامێزمان لێهەڵبهاتایە و لە بەناو هونەری گزگل و سەقەت و پاشکۆ و بۆش و پوچیش رزگارمان بوایە.

دەستخۆشی لە دەرهێنەر و ئەکتەرەکان و هەموو بەشداربوانی ئەو شانۆنامەیە دەکەم و هەر سەرکەوتووبن.

2007/2/12 هانۆڤەر - ئەڵمانیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.